# عبد الرحمن كوڕی ئەبو بەكری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- هات ژووەروە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەوم لار كردبووەوە بۆ سەر سینگم، وعبد الرحمن سیواكێكی تەڕی پێ بوو كە سیواكی پێی دەكرد؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی خستە سەر سیواكەكە

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: عبد الرحمن كوڕی ئەبو بەكری سدیق -ڕەزای خوایان لێبێت- هات ژووەروە بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، ئەوم لار كردبووەوە بۆ سەر سینگم، وعبد الرحمن سیواكێكی تەڕی پێ بوو كە سیواكی پێی دەكرد؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- چاوی خستە سەر سیواكەكە، بۆیە سیواكەكەم هێنا وجاویم وبۆنیم خۆشكرد، ودام بە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسیواكی پێی كرد، وهەرگیز پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نەبینی بوو بەو شێوە جوان وچاكە سیواك بكات، كاتێك پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- تەواو بوو لە سیواك كردنەكەی: دەستی بەرز كردەوە -یان پەنجەی بەرز كردەوە-، پاشان فەرمووی: «بۆ لای ئەو زاتەی كە لە سەرەوەیە -سێ جار-»، وعائیشە دەیووت: كاتێك مرد لە باوەشی من بوو -مەبەست پێی نێوان گەدە وگەردنە -ملە-).

[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- باسێک دەکات کە ئاماژەی پەیوەست بوون وخۆشەویستی پێغەمبەرە -صلى الله عليه وسلم- بۆ سیواک کردن، ئەویش ئەوەیە عبدالرحمانی کوڕی ئەبوبەکر -ڕەزای خوایان لێبێت- برای عائیشە هاتە ژوورەوە لە کاتی سەرە مەرگی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وسیواکێکی تەڕی پێبوو دەیدا لە ددانەکانی. کاتێک پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سیواکەکەی عبدالرحمانی بینی، سەرەڕای نەخۆشی وئازارەکەی چاوی بڕیە سیواکەکە، وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- تێگەیشت؛ بۆیە سیواکەی براکەی هێنا وسەری سیواکەکەی بڕی وپاکی کردەوە بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بۆیە سیواکی پێی کرد. وعائیشە پێشتر نەیبینی بوو کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بەو شێوە جوانە سیواک بکات، کاتێک تەواو بوو لە سیواک کردنەکەی، پەنجەی شایەتمانی بەرزەوە کرد، کە ئەمیش ئاماژەیە بۆ تەوحید (یەک خوا پەرستی)، وچوون بۆ لای پەروەردگاری هەڵبژارد، پاش ئەمە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کۆچی دوایی کرد. وعائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- شانازی دەکرد بەوەی کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- کاتێک کۆچی دوایی کرد سەری لە سەر سینگی ئەو بوو.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3484